**کۆڕەك تیلیکۆم سەرکەوتن بەدەست دێنێ لە مۆڵەت وەرگرتنی بەکارهێنانی مۆبایل لەسەرتاسەری عیراقدا**

**مایەی شانازیە کە مۆڵەتی کارکردنمان بە مۆبایلی نیشتیمانی عیراقی بە دەست هێنا ، پەیمانی ئەوە بە خەڵکی عیراق دەدەین کە باشترین خزمەتیان پێشکەش بکەین.**

**١- مێژووی کۆڕەك تیلیکۆم.**

- **کۆڕەك تیلیکۆم بە یەکێك لە کۆنترین کۆمپانیاکانی مۆبایل لە عیراق دادەنرێت ، لە ساڵی ٢٠٠١ مۆڵەتی کارکردنی لە هەلو مەرجێکی نالەبارو سەختدا پێدراوە.**

- **کۆمپانیا یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار بەشداربووی هەیە.**
- **تەکنۆلۆژیای ئەوروپی بەکار دەهێنێت.**

**٢- کۆڕەك تیلیکۆم کۆمپانیایەکی ١٠٠٪ عیراقیەو هەموو فەرمانبەرو کارمەندانی عیراقیین و بەشێکیان ڕاهێنانیان لەسەر نوێترین تەکنۆلۆژیا لە بواری گەیاندن لەدەرەوەی وولات بۆ ئەنجام دراوە، کار بۆ ئەوەش دەکەین کە کۆمپانیا شناسنامەی عیراقی خۆی بپارێزێ.**

**٣- بە پشت بەستن بە ئەزموونی ئێستامان و فراوانی تۆڕەکانمان بێ گومانین لە گەیاندنی خزمەتەکانمان بۆ سەرتاسەری عیراق.**

**٤- ئێمە بە بەردەوامی باشترین خزمەتمان لە بوارەکانی دەنگ و زانیارییەکان خستۆتە بەردەست بەشداربووانمان بەرامبەر کەمترین بەها .**

**٥- بە هەموو شێوەیەك لەگەل دەسەڵات و دەزگا خزمەت گوزارییەکان هاوکار دەبین و باشترین خزمەت پێشکەش بەشداربوو دەکەین بۆ ڕازی کردنی ، کاردەکەین بۆ دابین کردنی هەموو جۆرە خزمەتێك بۆ بشداربووانی ئەو کۆمپانیایانەی کە مۆڵەتی کارکردنیان بە دەست نەهێنایەوە.**

**بەڕێز سیروان صابر مصطفی سەرۆك و بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیا لەم بارەیەوە گوتی:**

**خۆشحاڵم بەوەی کە کۆمپانیای کۆڕەك تیلیکۆم مۆڵەتی کارکردنی لە سەرتاسەری عیرا ق بە دەست هێنا، ئامنجمان ئەوەیە خزمەت بەهەموو عیراق بگەیەنین وەك چۆن لە کوردستان خزمەت پێشکەش بە خەڵکی خۆمان دەکەین، لەهەمان کاتدا بە شانازییەوە خۆشحاڵی خۆم دەردەبرم بە وەبەرهێنان لە ووڵاتەکەماندا.**